# كشتةي كَلَسا و مزطةوت لة سويد ... جةمال موحسين

محمد پێغەمبەری ئیسلام پێدۆفیلە

روناد سوگارد، قەشەی کڵێسای فیلادلفیا لە ستۆکهۆڵم

گەر ئەو قەشەیە شتێکی لێ هات، کەس بەرپرس نیە بگرە خەتای قسەکانی خۆیەتی

مەلای مزگەوتی یاکۆسبێری لە ستۆکهۆڵم

جمال محسن

jamal_muhsin@yahoo.com



لە ماوەی چەند ڕۆژی پێشوودا کیشمەکێشێک لە ناو سویددا درووست بووە دوای ئەو قسەیەی کە قەشە سوگارد نزیک بە مانگێک لەمەوبەر کردبووی سەبارەت بە پێغەمبەری ئیسلام کە ووتبووی محمد پێدۆفیل (منداڵ باز) بووە لەبەرئەوەی عائیشەی لە تەمەنی 9 سالیدا هێناوە. لەبەرامبەر ئەو قسەیەدا ئیسلامیەکان خۆیان پێ نەگیرا و مەلای مزگەوتی ناوچەی یاکۆبسبێری هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ناوبراو هەر شتێکی لێ بێت، نە ئەو وە نە کەسی تر بەرپرس نیە، بگرە خەتای قسەکانی خۆیەتی! هەر ئەمەش وای کرد کە مەلایەکی تر بە ئاشکرا فتوا لە دژی قەشەکە بدات و چەند کەسێکی تریش کەوتبوونە مەشوەرەت لەگەڵ زەرقاوی بۆ ئەوەی بزانن ڕای چیە سەبارەت بە کوشتنی قەشەکە! ئەمە وێڕای ئەوەی کە ڕیژی 04/24 چەند کەسێکی ئیسلامی خۆپیشاندانیان کرد لەبەردەم کڵێسای فیلادلفیادا گوایە ئەوان بە دژی ئەو قسانەی قەشەن بەڵام لەگەڵ تووند و تیژیدا نین! وە چەند منالێکیان هێنابوو بۆ خۆپیشاندانەکە کە دروشمی (محمد نبینا) یان پێ ئەووتنەوە!

وەک کاردانەوەیەکی خێرا، ئێمەش وەک هەڵسووڕاوانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حزبی حیکمەتیست لە هەمان ڕۆژی ئەواندا ئاکسیۆنێکمان سازدا، لە دووری چەند مەترێک لە ئەوانەوە. بەڵام ئەوان کە تەواو بوون تەحەمولی ئەوەی ئێمەیان نەکرد و یەک دوانێکی قین لە دڵیان وویستیان هێرش بهێنن بەڵام ڕووبەڕووی ڕاوەستاوی هاوڕێکانمان بوونەوە و گەڕێنرانە دواوە و دواتریش پۆلیس مداخەلەی کرد و پاڵی بە ئەوانەوە نا.

ڕاستیەکەی ئەم کێشمەکێشە لەسەر قسەکانی قەشە و هەڵوێستی دژە ئازادیانەی ئیسلامیەکان لە میدیاکاندا زۆر دەنگ و ڕەنگی داوەتەوە و بۆتە جێگەی قسە و باسی زۆر جدی. حەرەکەتێک کە ئێمە کۆمۆنیستەکان لە خۆمان نیشانماندا لە ڕوانگەی داکۆکی لە ئازادی بیروڕاوە بوو. لەو باوەڕەوەی کە هەر کەس ئازادە چی ئەڵێت و چۆن بیروڕای خۆی ڕائەگەیەنێت. هەر کەس هەر باوەڕێکی هەیە ئازادە و ئەم مافەش سالانێکی دوور و درێژە بە خەبات و قوربانی ئینسانیەت لەم وولاتە بەدی هاتووە بەڵام ئیسلامیەکان ئەیانەوێت بەری پێ بگرن و ئیتر کەس نەوێرێت ئازادانە بیروڕای خۆی بڵێت. ووتەکانی مەلای ناوبراو هەڕەشەیەکی ئاشکرایە کە لە ناو جەرگەی ئەوروپادا بانگەشەی بۆ ئەکەن و گەر بۆیان بچێتە سەر تەنها بە ئەوەوە ناوەستن و ئەوەی لەدەستیان بێت دژ بە خەڵک و ئازادیەکانیان ئەیکەن. هەروەک چۆن ئێستا لە عێراق و

ئێران و لوبنان.... هتد ئەیکەن. ڕاوەستاوی ئێمەش لەو ڕوانگەیەوە بوو کە لە ناو جەرگەی ئەوروپادا ناهێڵین و ڕێگەیان پێ نادەین پەیامی کۆنەپەرستانەیان بۆ بچێتە سەر.
من بۆ خۆم ئەوەم بۆ گرنگ نیە کە کەسەکە کێیە کە ئەو قسەیەی کردووە کە پێغەمبەری ئیسلام پیدۆفیل بووە، چونکە لە ڕاستیدا ئەو قەشەیەش لەم وڵاتە خاوەنی بیروڕایەکی زۆر کۆنەپەرستانەیە بەرامبەر بە هەندێ مەسەلەی کۆمەڵایەتی وەک مەسەلەی ژنان و مسەلەی هاوجنسبازەکان (هۆمۆسێکسوالەکان)..... بەڵام نە لەو ڕوانگەیەوەی کە قسەکەر کێیە بەڵکو لەو ڕوانگەیەوەی کە ئازادی خەباتی بۆ کراوە و خۆ هەڕەشە و گوڕەشەی ئیسلامیەکان نابێت لێرەش بچێتە سەر و بە ئارەزوی خۆیان شمشێر ڕابوەشێنن. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە دەسەڵاتیش زۆر بەری بۆ شل کردوون و پارە و پولیان بۆ هەڵڕژاوە و مزگەوتیان بۆ کراوەتەوە کە لێوەی ئەتوانن ئەو هەڕەشانە بکەن. نابێت دەساڵاتداران هیچ شل و شێواوی و خەم ساردیەک لەبەرامبەر ئەوانەدا بنوێنن کە ڕمەکەیان ڕووی لە ئازادیە. گەر ئیسلامیەکانیش فێری ئەو لۆجیکە ببن کە بێن و بە شێوەیەکی مۆدێرنانە قسە بکەن خۆ کەس ڕێیان لێ ناگرێ. بەڵام ئایا ئەوە لۆجیکی ئیسلامی سیاسیە؟! گەر ڕاست ئەکەن با ئەوەندە تەحەمول بکەن و ئەوانیش کەسێکیان بێت و بیسەلمێنێت کە پێغەمبەر پیدۆفیل نەبووە!

2005/04/28